# ئیستاتیکای ئاماژەکانی ڕوخسار لە شیعری "جەمال شارباژێڕی و ع. ح. ب"دا

ئاسۆ عومەر مستەفا[1] - زرار سەردار محەمەد[2]

[1+2] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی چەرمو، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

پرۆسەی پەیوەندیکردن و گواستنەوەی زانیاری لەڕێگەی ئاماژەی زمانییەوە بەتەنیا سەرکەوتو نابێت، بەڵکو پێوستی بە ئاماژە نازمانییەکانە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکە، ئەم گرنگییە لە بواری ئەدەبییشدا بە هەمان شێوازە. یەکێک لە ڕەگەزەکانی ئاماژە نازمانییەکان بریتییە لە ئاماژەکانی ڕوخسار، بۆیە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی هەر جوڵە و ئاماژەیەکی جەستە گرنگی و پەیامی تایبەتیی خۆی هەیە، لەبەرئەوە ڕۆڵێکی باڵای لە ئەدەب و بەتایبەتی لە دەقی شیعریدا هەیە. بەرجەستەکردنی ئاماژەکانی جەستە لە شیعردا کورتی و پوختی و جوانی بە دەقی شیعری دەبەخشن، کە ئەمەش تایبەتمەندیی لەمێژینەی شیعرە. هەردو شاعیر "جەمال شارباژێڕی و ع. ح. ب" زۆر سەرکەوتوانە ئاماژەکانی ڕوخساریان بەوردی لە بەشێک لە دەقی شیعرییاندا بەرجەستەکردوە، بنەمایەکی گرنگی جوانیی بەشێک لە شیعرەکانیان بون. لە زۆر باردا جوڵە و ئاماژەکانی ڕوخسار زیاتر سەرنجی هەردو شاعیریان ڕاکێشاوە و کەوتونەتە ژێر کاریگەریی هەریەک لە ئاماژەکانی "ڕوخسار، چاو، برۆ، لێو، ڕومەت"ەوە، هۆکارێک بون بۆ ئەوەی چێژی زیاتر بە خوێنەر ببەخشن.

**کلیلە وشەکان:** ئیستاتیکا، جوانی، چێژ، پەیوەندی، تیۆری ئیستاتیکی کانت، ئاماژەکانی ڕوخسار.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21
**Received:** 04-July-2022
**Accepted:** 17-Aug-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
aso.omar@charmouniversity.org
zrar.sardar@charmouniversity.org
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

## پێشەکی:

ئاماژەکانی ڕوخسار فاکتەرێکی گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردن و ئەفراندنی جوانین لەدەقی شیعریدا و بنەمایەکی گرنگی وێنەی شیعرین. هەریەکێک لە ئاماژەکانی ڕوخسار چۆن لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پرۆسەی پەیوەنیکردندا، بەهەمان شێوە لە ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی ڕەنگیانداوەتەوە و هۆکارێکن بۆ گەیاندنی چێژ و جوانی. ئەدیب زیاتر لەهەر کەسێکی ئاسایی جوڵە و ئاماژەکانی ڕوخسار سەرنجی ڕاکێشاوە، بەرجەستەبونی هارمۆنییەت لە نێوان ئاماژە زمانی و نازمانییەکاندا جوانیی زیاتری بەدەقی شیعریی بەخشیوە ، هەروەها خستنەڕوی مەبەستەکانی پشت ئاماژە نازمانییەکان لەنێو دەقدا هۆکارێکە بۆ گەیشتن بەواتا قوڵەکانی دەق.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** بریتییە لە "ئیستاتیکای ئاماژەکانی ڕوخسار لە شیعری جەمال شارباژێڕی و ع. ح. ب.دا"، هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئاماژەکانی ڕوخسار و ڕەنگدانەوەیان لە دەقی شیعریی ئەم شاعیرانەدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی بەکارهاتو بۆ ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی "وەسفیی شیکاری"، بەسودوەرگرتن لە تیۆری ئیستاتیکی کانت.

**سنوری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە خستنەڕوی جوانی "ئاماژەکانی ڕوخسار"، لە هەر مەبەستێکی جیاوازی دەقی شیعری، لەم شێوازەشدا تەنها دەقی شیعریی هەردو شاعیر، "جەمال شارباژێڕی و ع. ح. ب" وەرگیراوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** گەڕانە بەدوای سەرجەم جوڵەو ئاماژەکانی ڕوخسار لە دەقی شیعریی "جەمال شارباژێڕی و ع. ح. ب" پاشان هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیاری کە چۆن ئەم ئاماژانە بونەتە بەشێک لە جوانی دەقی شیعری هەردو شاعیر و پاشان هەریەکێک لەو ئاماژانە بە چ مەبەستێک بەکارهاتون، لەگەڵ ئەوشدا بەشێوەیەکی زانستی و لە چوارچێوەی بابەتێکی سەربەخۆدا توێژینەوە لەسەر ئەم دو شاعیرە نەکراوە. هۆکاری هەڵبژاردنی هەردو شاعیر پێکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دو شاعیری یەک سەردەمن، بەڵام لە دو ڕەوتی شیعری جیاوازدان، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری شیعرەکانیان لەبواری خۆشەویستی و دڵداریدان.

**گرنگیی توێژینەوەکە:** گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کارکردنە لەسەر خستنەڕوی ئاماژەکانی ڕوخسار لە دەقی شیعریدا، کە ئەمە شێوازێکی نوێی کارکردنە لەسەر دەق، کە پێشتر ئاماژە نازمانییەکان زیاتر لە بواری دەرونناسی و زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا کاری لەسەر کراوە، هەوڵێکە بۆ ئەوەی ببێت بە جێگەی سود بۆ ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا کاری زانستی ئەنجامدەدەن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە پێشەکی و دو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم (تیۆریزەی چەمکەکانی توێژینەوەکە) دابەشکراوە بۆ سێ تەوەر، لەتەوەری یەکەم باسی لە ئیستاتیکا و تیۆری ئیستاتیکی کانت دەکەین، تەوەری دوەم خستنەڕوی ئاماژە نازمانییەکان و بەتایبەتی تیشکخستنە سەر ئاماژەکانی ڕوخسار، پاشان لەتەوەری سێیەم پرۆسەی پەیوەندیکردن و جۆرەکانی خراوەتەڕو. بەشی دوەم (ئیستاتیکای ئاماژەکانی ڕوخسار لە دەقی شیعریی "جەمال شارباژێڕی و ع. ح. ب"دا) لەناو ئاماژە جەستەییەکاندا تەنها جەخت لەسەر ئاماژەکانی ڕوخسار کراوەتەوە، کە هەریەک لە ئاماژەکانی (ڕو، چاو، برۆ، لێو، ڕومەت) دەگرێتەوە، پاشان بەشێوەیەکی تایبەتی لایەنی ئیستاتیکی هەریەک لەم ئاماژانە بە نمونەی شیعریی (جەمال شارباژێڕی و ع ح ب) خراوەتەڕو، دواتریش ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەچەند خاڵێک خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم: تیۆریزەی چەمکەکانی توێژینەوەکە

### تەوەری یەکەم: تیۆری ئیستاتیکای کانت و پەیوەندی نێوان ئیستاتیکاو ئاماژەکانی ڕوخسار

ئیستاتیکا یەکێکە لە زاراوە فەلسەفییە گرنگەکانی سەردەم کە لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا ڕەنگیداوەتەوە، ئەدەبیش وەکو گۆشەنیگایەکی جوانیناسیی مرۆڤایەتیی هەر زو لەگەڵ ئیستاتیکادا پەیوەندییەکانیان دەرکەوت و میتۆدی ئیستاتیکی بو بە ڕەهەندێکی گرنگی ڕەخنەی ئەدەبی، هەروەها بەهۆی گرنگیی ئیستاتیکا و پەیوەستبونی بە هەست و دەرونی مرۆڤەوە، چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە. لەبەرئەوە کۆمەڵێک فەیلەسوف و بیرمەند و زانا بە درێژایی مێژو لە چاوگی بیرکردنەوەی فەلسەفی و بیروڕای هزری و ڕوانینی جوانییانەوە کاریان تێداکردوە، یەکێک لەو فەیلەسوفانە (کانت)ە. کە کۆمەڵێک بیروبۆچون و تێڕوانین و جیهانبینی تایبەتی هەیە دەربارەی جوانی و هەستی جوانیناسی و چێژ و هارمۆنی، کانت لەسەردەمی خۆیدا گۆڕانکارییەکی جۆریی لە تێڕوانینی خەڵکدا بۆ جوانی و چێژ و سروشت و چاکە کرد، لەبەرئەوە بیروڕاو سەرنجی ئەم فەیلەسوفەمان کردوە بە بنەمای تیۆری توێژینەوەکەمان و کاری لەسەر دەکەین.

**ئێما نوئێل کانت** (١٧٢٤- ١٨٠٤) یەکێکە لە فەیلەسوفە گەورەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری و بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئیستاتیکا و فەلسەفەی ئایدیالی ئەڵمانی دادەنرێت، ئەم فەیلەسوفە گرنگییەکی زۆری بەجوانی داوە، لەبەرئەوە کۆمەڵێک ڕاو سەرنجی زۆری لەسەر ئیستاتیکا هەیە، کە ئەم سەرنجانە بون بە تیۆرییەک کە تاوەکو ئێستاش کاریان لەسەر دەکرێت، گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە (ڕەخنەی عەقڵی ڕون، ڕەخنە لە بڕیاردان). کتێبی ((ڕەخنە لە بڕیاردان)ی کانت یەکێکە لە کۆڵەگەکانی بنیادنانی زانستی جوانی، تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە ناشێت بنەمایەک دابنرێت بۆ مرۆڤ لەمیانیدا جوانی شتێک دەستگیر بکات، حوکم و بڕیاردان لەسەر جوانیناسی بڕیارێکی خودیە و لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت)) (تەها ئەحمەد ڕەسوڵ،٢٠١٢: ٨٦) ئەم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

بۆچونەش گرنگیدانە بە خودیی بونی جوانیی و ئەوەی سەلماند، کە جوانی ڕێژەییە و لە کەسێک بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، چونکە هەریەکەیان لە گۆشەنیگای خۆیەوە بۆ شتەکان دەڕوانێت. هەروەها پێناسەیەکی ورد بۆ جوانی هونەر دەکات و دەڵێت: ((برتییە لە گونجان لە نێوان تێگەیشتن و خەیاڵ ئەو شتانەی کە بڕیار دەدەین بۆ ئەوەی لێیان تێبگەین تەنیا لە خەیاڵی ئێمەدا دروست دەبێت و لە ڕاستیدا نییە))(ئاسۆ عومەر مستەفا، ٢٠٠٩: ٦٣) بەم شێوازە کانت سیفەتی ڕێژەییبون دەبەخشێتە جوانی و جوانی هونەری بۆ مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە.

بەلای کانتەوە جوانی پەیوەندیەکی قوڵی بەهەستەکانی مرۆڤەوە هەیە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی چێژی لێببینێت و دەرونی ئارام بێتەوە و ڕوحی ئاسودە بێت، جوانی هونەری تارادەیەکی زۆرتر لە جوانی سروشتی چێژ بەمرۆڤ دەبەخشێت بۆیە دەڵێت: ((جوانی لە سروشتدا شتیکی جوانە، بەڵام جوانی لە هونەردا وێنەکێشانێکی جوانە بۆ شتێک)) (جەبار ئەحمەد حسێن،٢٠٠٨: ٥٥)

یەکێک لە سەرنجەکانی تری کانت لە کتێبی (ڕەخنەی ئەقڵی ڕون)دا ئەوەیە کە دەڵێت: ((چێژی جوانی پەیوەستە بە سەرنجدەرەوە نەک بابەتەکەوە، هەروەها بەبۆچونی کانت ئامانجی جوانی بابەتەکەش و هەستی خۆشیەکەش هەر لەخودی سەرنجدەرەوە پەیدادەبێت نەک لە بابەتەکەوە)) (فەرهاد پیربال، ٢٠٠٤: ٥٤) بەمجۆرە جوانی لە تێڕوانینە باوەکانی سەردەم ڕزگارکرد و جوانی کۆمەڵخوازانە و تێڕوانینی گشتی خەڵکی بۆ جوانی خستە ژێر پرسیارەوە و ڕەتیکردەوە کە کلاسیکەکان باوەڕیان پێیبو، پێیانوابو جوانی دەبێت بونێکی کۆمەڵخوازانەی هەبێت و لەلایەن کۆمەڵەوە ویستراو بێت. هەروەها کانت دژی ڕەهەندی سودخوازانەی جوانی وەستایەوە و ئەوەی خستەڕو کە پێویستە جوانیمان تەنها لەبەر جوانی بوێت، نەک لەبەر سودەکەی یان هەر شتێکی لاوەکی تر، وەک دەڵێت: ((جوانی ئەو بابەتەیە کە هەست بە چێژی پاک دەکەین و چێژ لە خودی شتەکە وەردەگرین، نەوەک بە ئامانجی سود وەرگرتن لە شتەکە)) (جەبار ئەحمەد حسێن،٢٠٠٨: ٥٥).

کانت لەسەر بنەمای مەبەست و سودخوازی جوانی دابەش دەکات بۆ دو جۆر ((جوانی ئازاد: کە لەم جۆرەدا هیچ چەمک و مەبەست و سودێک نییە، جوانی هاوەڵ تێگەیشتنی پێویستە لەسەر چیەتی شتەکە لەگەڵ بەدیهێنانی شتەکە بەشێوەیەک کە هاوجوتی ئەم شتە بێت)) (ئاسۆ عومەر مستەفا، ٢٠١٩: ٣١) بە بڕوای کانت هەمو شتێک ئامانجێکی هەیە تەنیا جوانی نەبێت کە تەنها بەرانبەری هەست بە چێژ دەکەین.

کانت ((چەشەی ئیستاتیکی بە هەست و زانینەوە دەبەستێتەوە کە ماوەکانی بڕیاردانی چەشەی هەستکردن دابەش دەکات بۆ چوار بەش، لەڕوی چۆنێتییەوە، لە ڕوی چەندێتییەوە، بەپێی ئامانجە بەرچاوگیراوەکان، بەپێی ڕادەی چێژوەرگرتن لە شتەکە)) (کەمال میراودەلی، ٢٠٠٥: ٧٨)، کەواتە کانت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جوانی ئەوەیە کە مرۆڤ ئاسودە دەکات و چێژی پێ دەبەخشێت، بەبێ ئەوەی لەپشت ئەم ئاسودەییەوە سودێک هەبێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

گرنگترین ڕێبازی ئیستاتیکی بریتییە لە (ڕێبازی خودیی) کە کانت یەکێکە لە پێشەنگە دیارەکانی ئەم ڕێبازە و پێیوایە کە ((چاوگی هەستکردن بە جوانی لەناو دەرونی خۆماندایە بە میزاجی ڕوحەوە پەیوەستە نەک لە سروشتەوە سەرچاوە بگرێت و بڕیاردانی جوانیش لە یەکگرتنی هزری ئازاد و هێزی ئەندێشە و خەیاڵەوە دێتە ئاراوە)) (تەها ئەحمەد ڕەسول، ٢٠١٢: ٨٧) لەبەرئەوەشە کانت بە جوانی دەڵێت (یاسایەکی بێ یاسا)، دەتوانین بڵێن کانت بە بۆچونەکانی خاڵی وەرچەرخانی لە ئیستاتیکادا هێنایە ئاراوە، کە زۆربەی فەیلەسوفان و توێژەران لەدوای خۆی سودیان لێوەرگرتوە.

دەتوانین بۆچونە ئیستاتیکییەکانی کانت لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا پوخت بکەینەوە:

١- بەلای کانتەوە جوانی پەیوەندیەکی قوڵی بە هەستەکانی مرۆڤەوە هەیە.

٢- ئەو شتەی چێژی لێ ببینین و دەرون ئارام بکاتەوە و ڕوح ئاسودە بکات ئەوە جوانییە.

٣- جوانی هونەری بەرزتر و چێژبەخشترە لە جوانی سروشتی، چونکە جوانی هونەری داهێنراوی مرۆڤە.

٤- جوانی لای کانت ڕێژەییەو لە کەسێکەوە بۆکەسێکی تر دەگۆڕێت و ناتوانین پێوەرێکی چەسپاو نەگۆڕ بۆ جوانی دابنێین.

٥- کانت بە جوانی دەڵێت یاسایەکی بێ یاسا.

٦- چێژی جوانی پەیوەستە بە سەرنجدەرەوە نەک بابەتەکەوە.

٧- بەلای کانتەوە هەمو شتێک ئامانجێکی هەیە تەنیا جوانی نەبێت کە تەنها بەرانبەری هەست بە چێژ دەکەین.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئیستاتیکا و ئاماژەکانی ڕوخسار دەکرێت چەند بۆچونێکی جیاواز بخەینەڕو، دەتوانین بڵێین پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان ئیستایکاو ئاماژەکانی ڕوخسار بەدیدەکرێت لە ڕوانگەی هەریەک لە چەمکەکانی (چێژ ، هاوسەنگی و هارمۆنی، ئاویتە بونی هەستیی)ەوە، کە ئەم پەیوەندیە زیاتر لە پرۆسەی شیعردا بەرجەستە دەبێت، ڕونتری بکەینەوە بەکارهێنانی ئامازەکانی ڕوخسار لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتیدا جیاوازە وەک لە پرۆسەی شیعریدا چونکە لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتیدا زۆرجار بۆ گەیاندنی چەند مەبەستێکی تایبەتییە بۆنمونە (جەختکردنەوە، دوبارەکردنەوە، تەواوکاری،...هتد)، بەڵام بەکارهێنانی ئاماژەکانی ڕوخسار لای شاعیر جیاوازترە مەبەستی سەرەکی گەیاندنی جوانییە لەگەڵ هاوسەنگی و هارمۆنی، ئاوێتەبونی هەستی، بۆیە یەکێک لەبنەما گرنگەکان کە لە لێکۆڵینەوەی ئیستاتیکیدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە بریتییە لە شێوازی تەکنیکی هونەری لەدەقدا. چنینی زمان و خستنەڕوی وێنەیەکی بەرزی درک پێنەکراو لەلایەن ئەدیبەوە بۆخۆی چێژێکی ئیستاتیکیمان پێدەبەخشێت. چونکە (تەکنیک هۆکارێکە بۆجیاکردنەوەی خودی نوسەر لە بابەتەکەی ئەمەش دەبێتەهۆی گواستنەوەی هەستەکان لە قاڵبێکی خودییەوە بۆ قاڵبێکی بابەتی بەمەش ئەدەب بکاتە داهێنانێکی بابەتی نەک گوزارشتکردن لەخود). (ئاسۆ عومەر مستەفا، ٢٠١٩، ٩). ئاشکرایە ئیستاتیکا لە شیعردا لە ڕێگەی ڕەگەز و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

بنەماکانی شیعرەوە نیشاندەدریێت. لەپاڵ وێنە و مۆسیقای شیعردا، زمانی شیعریش بەرەگەزێکی گرنگ و کاریگەر، کە ئاماژەی نازمانیش دەچێتە خانەی ڕەگەزی زمانی شیعرەوە، بۆیە شاعیر دەتوانێت لەڕێگەی هەریەکێک لەو ڕەگەزانەوە وێنەی جوان و دەقێکی چێژبەخش بەرهەم بهێنێت.

دەکرێت بڵێین کە هەندێک بیرمەند و فەیلەسوف بڕوایان وایە ئەوەی دەبێتە هۆی جوانی و ڕێکبون و پەیوەندی و یەکێتی و گونجانی نێوان بەشەکان و شتەکانە، وەک دەوترێت ((جوانی ئەوەیە لەنیوان بەش و پێکهاتەی ڕێکبون و پەیوەندی یەکێتی و گونجان زۆربێت، ڕوخساری مرۆڤایەت کاتیک جوان دەبێت کە سەرجەم ئەندامەکانی گونجاوبن لەگەڵ یەکتردا و هاوسەنگ بن لە قەبارەو شێوەدا)) (فائق مصطفى، ١٩٨٩: ٢٢) لەم ڕوانگەیەو ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان ئەم دو چەمکەدا هەیە چونکە ڕوخسار هەمیشە دەتوانێت لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئاماژەی جیاوازەوە جوانی و چێژ بگەیەنێت و شاعیر بە گونجاندنی لەگەڵ زماندا وێنەیەکی جوان بەرهەمبهێنێت.

بۆچونیکی تر ئەوەیە کە جوانی بە هەستەکانەوە دەبەستێتەوە ئەم بۆچونە زیاتر لە قوتابخانەی هەستیدا بەرجەستە دەبێت و دەڵێن: ((جوانی دیاردەیەکی هەستپێکراوە و هەستکردن بەجوانی کردارێکی هەستییە لە شەقڵی هەستی تێناپەڕێت بۆ وشیاری ویژدانە قوڵەکانی ناخی مرۆڤ)) (علی عبدالرزاق حمود، ١٩٩١: ٣٦) گەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانین دەبینین ئاماژەکانی ڕوخسار لەڕێگەی هەستەکانی شاعیرەوە گوازراونەتەوە بۆ نێو دەقی شیعری، بۆنمونە شاعیر لە ڕێگە هەستی بینینەوە هەریەک لە ئاماژەکانی (چاو داگرتنی یار برۆ هەڵتەکاندنی یار و لێو گەستن و ڕەنگی ڕوی یار ... هتد) سەرنجی ڕاکێشاوە و جوانی لەدەقی شیعردا پێ خوڵقاندوە. لەبەرئەوە گەوهەری جوانی ئەوەیە دەیەوێت شتێکی هەست ئامێز بێت، واتە شتێک بێت لەبەردەم هەستەکان. بۆیە شاعیر بەهەمو پێکهاتەی هەستەکانییەوە چێژ لە جوانی وەردەگرێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین دەربارەی چەمکی جوانی خراونەتەڕو هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە ئەم چەمکەیان خستوەتەڕو، بەڵام هیچ یەکێکیان نەیانتوانیوە لێکدانەوەیەکی تێروتەسەل و بێ کەم و کورتی بخەنەڕو، ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ خودی چەمکی جوانی، چونکە ئەم چەمکە ڕێژەییە و نادیارە و بەردەوام بەهۆی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و شارستانیەتەوە لێکدانەوەی نویی بۆ دەکرێت، کە ئەمەش زیندویی و گرنکی چەمکی جوانی دەخاتەڕو. کەواتە شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکانی ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی بۆچونەکانی سەروەدایە، چونکە پەیوەندی نیوان ئیستاتیکا و ئاماژەکانی ڕوخسار پەیوەندیەکی فراوانە و هەندێکجار لە گەیاندنی (چێژ و جوانیدایە و هاوسەنگی و هارمۆنی و ئاوێتەبونی هەستیی)دا. خۆی دەبینیتەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

## تەوەری دووەم: ئاماژە نازمانییەکان

ئاماژەی نازمانی پانتاییەکی فراوانی لە ژیانی مرۆڤدا داگیرکردووە. لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەیان هەیە، نەک بەتەنها لە ئاخاوتندا، بەڵکو لە نوسینیشدا ڕەنگیداوەتەوە و لە چەند ڕەهەندێکی جیاواز و فراوان پێکدێت. مەبەست لە ئاماژەی نازمانی بریتییە لە گەیاندنی پەیام بە وەرگر بەبێ بەشداربونی زمان، هەریەک لە ئاماژەکانی "جەستە، ڕەنگەکان، دەنگەکان، هەستەکان، ئاماژەکانی سروشت و نیشانەکانی خاڵبەندی" دەگرێتەوە، لەم هێڵکارییەدا بەشە جیاوازەکانی ئاماژەی نازمانی دەخەینەڕو:




ئاماژەی نازمانی دەکرێت بەتەنها ڕۆڵی لە گەیاندنی پەیام بە گوێگر هەبێت، یاخود بەهاوبەشی لەگەڵ زماندا پەیوەندییەکە بەهێزتربکات. هەروەها وەکو زمانێکی سەربەخۆ لە نێوان مرۆڤە کەڕولاڵەکاندا بەکاردێت، کە تاکە بنەمای گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنە لە نێوان ئەو مرۆڤانەدا. وەک دەوترێت: ((زمانی ئاماژە کۆمەڵەیەکە لە چەند سیستەمێک پێکدێت کە ئەو سیستەمانە بەپێی یاسای هەستی بینین و لەڕێگەی جوڵە تایبەتەکانی دەست و گوزارشتەکانی ڕوخسار و جوڵەکانی لەش، کە نوێنەرایەتی هەندێک وشە و چەمک و بیر دەکەن دەبێت. زمانێکی بینراوە، بەڵام وێنەیەکی نییە پێی بنوسرێتەوە واتە ئاماژەن. ئەم زمانە لەوڵاتیکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. پەیوەستە بەدابونەریت و کولتوری هەر وڵاتێک.)) (سازان ڕەزا موعین،٢٠٢١: ١٨٥). بۆ ئەو مرۆڤانەی کە ناتوانن قسەبکەن، ئاماژە نازمانییەکان بۆیان بوە بە جێگرەوەی زمان.

ئاماژەکانی ڕوخسار یەکێکە لە جۆرە گرنگەکانی ئاماژەی نازمانی کە هەریەک لە (ڕو، چاو، برۆ، لێو، ڕومەت، ...هتد) دەگرێتەوە، هەریەکێک لەم ئاماژانە دەکرێت وەکو بنەمایەکی گرنگی بەرهەمهێنەری جوانی تەماشا بکرێن، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەو زانستەی لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە بریتییە لە زانستی سیمۆلۆژیا کە ((ئەو زانستەیە کە ڕاڤەی واتا دەکات لەڕێگەی ئاماژەو نیشانەوە. واتە لە ڕێگەی ئاماژە نازمانییەکانەوە هەنگاو بۆ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

لێکدانەوەی واتاو مەدلول دەنێت لەڕێگەی ئاماژەوە کار بۆ دەرخستنی دەلالەت و واتا دەکات لەنێوان (دال) و (مەدلول).)) (سالار کەریم حسێن، ٢٠٢١: ٦١).

ئەم زانستە مەودایەکی فراوانی هەیە و سەرجەم هێما و ئاماژەکان دەچنە ژێر خانەی سیمۆلۆژیاوە، بۆیە دەوترێت: ((سیمۆلۆژیا بەتەنیا بریتی نییە لە لێکۆڵینەوە لە نیشانەکان لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی وەک زمان، هاتوچۆ، بەڵکو زۆربەی چالاکی و بوارە مرۆییەکانی تری وەک ئاماژە جەستەییەکان، نەریتی کۆمەڵایەتی، جل وبەرگ، وێنەی فۆتۆگرافی، تابلۆ.... هتد دەگرێتەوە.)) (لوقمان ڕەئوف، ٢٠١٦: ٢٢)، بەمەش ئەوە ڕوندەبێتەوە، کە سیمۆلۆژیا بە شێوەیەکی فراوان چوەتە ناو هەمو بوارە جیاوازەکانی ژیانەوە.

## تەوەری سێیەم: پرۆسەی پەیوەندیکردن و جۆرەکانی

پەیوەندیکردن کۆڵەکەیەکی گرنگی ژیانی مرۆڤە. بنەمایەکی سەرەکیە بۆ مامەڵکردن و نزیکبونەوە لەیەکتری، کە لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا ڕۆڵی گرنگی هەیە مرۆڤ بەبێ پەیوەندیکردن بەزەحمەت دەتوانێت ژیانی بەڕێبکات، زاراوەی پەیوەندیکردنیش (communication) ((دەگەڕێتەوە بۆ (communis)ی لاتینی کە بەدو مەبەست دێت هاوبەشیکردن یاخود گشتی.)) (شیلان عوسمان عەبدولرەحمان، ٢٠٠٦: ١٤). پرۆسەی پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی دەرونی-کۆمەڵایەتیی تایبەت بە مرۆڤە و مەبەست لێی ((ناردن و گواستنەوەی زانیارییە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر.)) (محمد الصیرفی، ٢٠٠٦: ٥)، کە ئەم پرۆسەیە ئاڵۆزە و بەتەنها بە زمان ئەنجامنادرێت، بەڵکو ئاماژە نازمانییەکانیش ڕۆڵێکی گرنگی تێدا دەگێڕن، بۆیە ((مرۆڤ جگە لە زمان ڕێگەی تریشی دۆزیوەتەوە بۆ دابینکردنی پرۆسەی پەیوەندیکردن، کە هەندێ لەم ڕێگایانە لەگەڵ زمان خۆیدا بەکاردەهێنرێن وەک: بزاوتنی دەست و دەم و چاو برۆ..... هتد.)) (محمد مەعروف فتاح، ٢٠١١: ٢٣)، لەبەرئەوە گۆڕینەوەی زانیاری و دەربڕینی هەست و سۆز بە هاوبەشی هەردو ئاماژەی زمانی و نازمانی، زۆر بەهێز و کاریگەرتردەبێت.

### جۆرەکانی پەیوەندیکردن:

### ١. پەیوەندیکردن بە ئاماژەی زمانی:

ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە لە ڕێگەی دەربڕینە زمانییەکانەوە دەبێت، کە بەشێوەی "دەنگ" و "نوسین" دەگوازرێتەوە. کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ژیانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی هەیە. لەم ڕێگەیەوە تاک توانای پەیوەندیکردنی بە دەوروبەرەوە کارادەبێت. بە یەکێک لە تایبەتمەندییە زۆر گرنگەکانی مرۆڤ دادەنرێت و بەو شێوە قوڵ و فراوانە تایبەتە بە مرۆڤ و ((بۆ گواستنەوەی پەیام وشەی گۆکراو و ئاماژەی دەنگی بەکاردەهێنرێت. کە لەڕێگەی پرۆسەی گوتن و بیستنی دەنگە گۆکراوەکان و پرۆسەی نوسینەوەوە ئەنجام دەدرێت، کە هەریەکەیان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

هەڵگری واتایەکی دیاریکراون.)) (سالح أبو أسبح، ١٩٩٩: ٤٢). لەگەڵ گەیشتنی پەیام بە وەرگر، ڕاستەوخۆ مێشکی وەرگر لێکدانەوە بۆ ئەو پەیامە دەنگییە دەکات. پەیوەندیکردنی زمانی پشت بە یاساکانی زمان دەبەستێت. ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە لە ژیانی ڕۆژانەی تاکدا هەمیشە ئامادەیە.

### ٢. پەیوەندیکردن بە ئاماژەی نازمانی:

یەکێک لە جۆرەکانی ئاماژەی نازمانی بریتییە لە ئاماژە جەستەییەکان، سەرجەم ئەو جوڵە و ئاماژانە دەگرێتەوە کە کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتون، وەکو: (ئاماژەکانی چاو، برۆ، دەم، لێو، ڕوخسار، دەست و جەستە بەگشتی... هتد"، کە پانتاییەکی فراوانیان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا داگیرکردوە. مێژوی پەیوەندیکردنی نازمانی لە زمانی گۆکراو و نوسراو کۆنترە. بنچینەی دروستبونی زمانە، کە سەرجەم ئەو پرۆسانە دەگرێتەوە کە ناکرێت بە نوسین یاخود بە قسەکردن دەرببڕدرێن. گواستنەوەی پەیام لە ڕێگەی جوڵە و ئاماژە نازمانییەکانەوە گرنگییەکی زۆریان لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەی مرۆڤدا هەیە و لەم بارەیەوە محەمەدی مەحوی دەڵێت: ((هیچ پەیوەندیەکی زمانی نێوان دوکەس بەبێ بەکارهێنانی جەستە و سیمای دەم و چاو سەرناگرێت و بیری لێناکرێتەوە.)) (محەمەد مەحویی، ٢٠٠٩: ٥٥)، هەرچەندە ئەم بۆچونەی (محمد مەحوی) زیاتر جەختکردنەوەیە لەسەر گرنگی ئاماژەی نازمانی، بەڵام دەکرێت بڵێین لە زۆرێک لە پەیوەندییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا ئاماژە نازمانییەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن نەک لەهەمو پرۆسەیەکی پەیوەندیکردندا، زۆر جار بۆ تێگەیشتن لەو پەیامەی نێرەر دەینێرێت، بۆ ئاماژەکانی ڕوخسار و دەست و هەڵسوکەوتەکانی دەگەڕێینەوە کە لە کاتی ناردنی پەیامەکەدا دەینوێنێت. ئەگەر ئەم حاڵەتە لە دەقی شیعریدا بخەینەڕو، ڕەنگدانەوەی لە لای شاعیران بۆ گرنگی و کاریگەریی ئاماژەکانی ڕوخسار دەگەڕێتەوە، کە هەمیشە بەشێکی گرنگن لە ژیانی مرۆڤ. شاعیران ناتوانن دەستبەرداریبن و هۆکارێکی گرنگی بەرهەمێنانی وێنەی شیعریی پڕ لە ئیستاتیکایە. بنەمایەکی گرنگی کورتبڕییە، کە ڕەنگە بە بەکارهێنانی ئاماژەیەک لە دەقی شیعریدا چەندین خوێندنەوەی جیاواز لەخۆبگرێت، بۆ نمونە شاعیر ئاماژەکانی (چاوداگرتن، دەم پڕبەخەندە، لار و لەنجەی پڕ لە عیشوەت" بەکاردەهێنێت، ڕەنگە بە وشەی گۆکراو نەتوانێت گوزارشت لەو دیمەنانە بکات کە پێی کاریگەربوە.

هەمو جۆرەکانی ئاماژەی نازمانی تەواوکەر و یارمەتیدەری ئاماژەی زمانییە و لە زۆر باردا بەیەکەوە مەبەست و ئامانجەکە لە نێرەرەوە بە وەرگر دەگەیەنن. زۆر جار لەپاڵ وشە گۆکراوەکاندا مرۆڤ پەنا بۆ ئاماژەی نازمانی دەبات تاوەکو مەبەستەکەی ڕونتربکاتەوە، هەرچەندە پەیوەندیکردن بە ئاماژە زمانییەکان گرنگ و بەبەهایە، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری ئاماژە نازمانییەکان ببێت و بەتەنها پرۆسەی پەیوەندیکردنەکە بەسەرکەوتویی بەجێبگەیەنێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

## بەشی دووەم:

## ئیستاتیکای ئاماژەکانی ڕوخسار لە دەقی شیعریی "جەمال شارباژێڕی و ع. ح. ب"دا

یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی ئاماژەی نازمانی بریتییە لە جەستە، کە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ دەگریتەوە و بە ڕێژەی جیاواز لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بەشدارن. جوڵە و ئاماژەکانی ڕوخسار بەگشتی لە کاتی ئاخاوتندا دەبن بە تەواوکەری دەربڕینەکان و لە هەندێک باردا جێگەی دەربڕینەکانیش دەگرنەوە. پێوستە ئەوە ڕون بێت کە ئاماژە نازمانییەکان هەمان گرنگیان لە نوسین و دەقی شیعریدا هەیە، واتە بەتەنیا پەیوەست نین بە پرۆسەی پەیوەندیکردن و ئاخاوتنەوە بەڵکو پەیوەستن بە نوسینیشەوە، شاعیریش وەکو هەرتاکێکی کومەڵگاکەی کایگەری ئاماژە نازمانەییەکانی لەسەرە و لە قۆناغی پەیوەندیکردنەوە دەیگوازێتەوە بۆ قۆناغی نوسین کە شیعرە، چونکە دواجار هەر ئاماژەیەکی ڕوخسار شاعیر بیەوێت لەدەقی شیعری گوزارشتی لێ بکات بە ئاماژەی نازمانی هەژمار دەکرێت، واتە پەیامێکی نازمانییە و بە نوسین دەردەبڕدرێت، کەواتە چۆن زمان بنەمایەکی گرنگی داڕشتنی بیری شاعیرە بۆ شیعر، بەهەمان شێواز ئاماژەکانی ڕوخسار بەشێکی گرنگی ئەو داڕشتنە پێکدەهێنن، بۆیە ئەرکی شاعیر قورسترە، چونکە هەریەکێک لەو ئاماژانە لە قۆناغی ئاخاوتنەوە دەگوزایتەوە بۆ قۆناغی نوسین کە شیعرە، دەقە شیعرییەکانی هەردو شاعیر زیاتر ئەمە ڕون دەکەنەوە، بۆنمونە شاعیر زۆرجار تەنیا لە ڕێگەی یەک ئاماژەیەکی چاوی بەرانبەرەوە پەیامەکەی پێگەیشتوە، بەبێ ئەوەی هیچ دەربڕاوێک لەدەم دەربچێت، کە ئەمە بۆخۆی گرنگی و ڕەنگدانەوەی ئاماژەی نازمانییە لە شیعردا، لەبەرئەوە دواجار شاعیر ئەم پەیامە نازمانییەی بە زمانی نوسین دەربڕیوە.

هەروەها سەبارەت بە گرنگی ئاماژە نازمانییەکان لە ئاخاوتندا دەوترێت: ((جوڵە جەستەییەکان بەشێکن لە پێکهاتەی قسەکردن دەتوانرێت بوترێت هیچ قسەکەرێک لێی بێبەش نییە، زۆرجار بەشێوەیەکی بێ ئاگا بەکاردێت، بەئاسانی ناناسرێتەوە و دەربڕینەکانی زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکن، ئەم شێوازە زۆر گرنگە بۆ پەیوەندی نێوان تاکەکان.)) (زەیتۆ شێخانی،٢٠٠٧: ١٣٦). جوڵە و ئاماژە جەستەییەکان پەیوەستن بە هەمو تەمەنێکی مرۆڤەوە، منداڵ هەر لە تەمەنی شیرەخۆرەییدا کۆمەڵێک ئاماژەی جەستەیی دەنوێنێت، بۆئەوەی بەرانبەر لێی تێبگات.

بارودۆخی ڕوخسار و چۆنیەتیی جوڵەی ئەندامانی جەستە زۆرترین پەیام دەگوازنەوە، هەروەک دەوترێت: ((جوڵە و ڕەفتارەکان بە دەنگێکی بەرزتر لە وشەکان قسەدەکەن.)) (ئەلیزابێز کانک، ٢٠٢١: ١٢). زۆر جار جوڵە و ئاماژەکانی جەستە کاریگەرییان لە قسە زیاترە، چونکە ((ئاماژە جەستەییەکان زۆرترین زانیاریت پێدەبەخشن، لە هەندێک دۆخدا بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر تەنها پێویستت بە چەند وشەیەکە، بەگشتی دەربڕینەکانی (قبوڵکردن، هاوکاریکردن، سوکایەتی پێکردن) بەبێ دەرچونی هیچ وشەیەک لەدەمەوە ئاماژە جەستەییکان دەتوانن پەیامەکە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

بگوازنەوە.)) (ئەلیزابێز کانک، ٢٠٢١: ١٦). بە شێوەیەکی گشتی زۆر جار تەنها بە تەماشاکردنی کەسی بەرانبەر زۆر زانیاری وەردەگریت، یاخود بە جوڵە و ئاماژەکانی ڕوخساری زانیاریی زیاترمان دەستدەکەوێت.

ئاماژە جەستەییەکان مەودایەکی فراوان لەخۆدەگرن و بۆ سێ جۆر دابەشدەبن، کە بریتین لە:

**١. ئاماژەکانی ڕوخسار،**

**٢. ئاماژەکانی بەژن و باڵا،**

**٣. ئاماژە ئیرۆتیکییەکان.**

ئەم جۆرە دابەشکردنەش تەنیا بۆ ڕونکردنەوە و تێگەیشتنی زیاترە لەسەر ئەندامەکانی جەستە، چونکە هەریەکەیان هەڵگری پەیامی نازمانیی جیاوازن.

### ١. ئاماژەکانی ڕوخسار:

کاریگەرترین ئاماژەی جەستەیی لە مرۆڤدا بریتییە لە ڕوخسار بەگشتی، کە مەبەست لە ڕوخسار هەریەک لە "چاو، برۆ، لێو، ڕومەت، برژانگ، لوت، ڕیش و سمێڵ" لەخۆدەگرێت. هەروەها شوێنی دەربڕینی پەیامی زارەکییە لە ڕێگەی دەمەوە، هەر بۆیە مەرجی سەرەکی لە پرۆسەی پەیوەندییەکی سەرکەوتودا تەماشاکردنی ڕوخساری بەرانبەرە لە کاتی گفتوگۆکردندا. لەبەرئەوەی ((هەمو کات وشەکان ناتگەیەنن بەوەی دەتەوێت. لە جێگەی ئەمە ڕوخسار دەتوانێت ببێتە بەشێکی گرنگ لە گەیاندنی پەیامەکە، بەکارهێنانی ئاماژەکانی لێو و برۆ و چاو و ڕومەت دەتوانن کۆمەڵێکی فراوان لە دۆخی ڕوخسار دروست بکەن بە زیاتر لە (٤٤) ماسولکە لە تەواوی ڕوخساردا، هەربۆیە دەربارەی هەرشتێک کە دەخوازین دۆخی ڕوخسار دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە پێدانی زانیاری یاخود گەیاندنی زانیاری.)) (ئەلیزابێز کانک، ٢٠٢١: ٨٧).

### ئ. ئاماژەکانی ڕو- دەموچاو:

ڕوخساری مرۆڤ دەتوانێت گوزارشت لە چەندین مەبەست و مانای شاراوە بکات بەپێی بارودۆخی جیاواز، کە پێویستی بە سەرنجدان و تێڕامانی ورد هەیە، لەبەرئەوەی ((ڕوخسار ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دەرخستنی باری دەرونی قسەکەر بەتایبەتی لەکاتی هەڵچونەکانی وەکو توڕەبون و ڕوگرژکردن و پێکەنین. لەبەرئەوە ئاماژەکانی ڕوخسار و جوڵە جەستەییەکان کاریگەرییان لەسەر گوێگر و گەیاندنی واتا هەیە.)) (هێمن عەبدول حەمید، ٢٠٠٦: ٥٢). ڕوخسار بە چالاکترین ئەندامی جەستەی مرۆڤ دەژمێردرێت و ((زۆربەی هەستەکانی مرۆڤ لەسەر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

ڕوخسار ڕەنگدانەوەیان دەبێت، کە ڕەنگدانەوەی ناخی تاکە بەبێ ئەوەی زمان بەکاربهێنێت، جگە لەهەستەکان هەر جوڵەیەکیش لە ئەندامەکانی ڕوخسار واتای تایبەتی هەیە.)) (تاڤگە عمر سالەح، ٢٠٢٠: ٥٧٤).

ئاماژەکانی ڕوخسار سەرنجی ئەدیبانیان ڕاکێشاوە، جێگەی گرنگی و بایەخیان بونە، لەبەرئەوەی هەڵگری هەریەک لە ئاماژەکانی "خۆشەویستی، گەشبینی، پاشگەزبونەوە، بێهیوایی، ملکەچبون، ترس، تورەبون، نەخۆشی و شەڕانگیزی"ن. پەیامە جۆراوجۆرەکانی ڕوخسار وایکردوە، کە نەک بەتەنیا لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی ژیانی ڕۆژانەدا، بەڵکو کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لە دەقی شیعرییشدا زۆر بەڕونی هەستی پێ بکرێت.

بۆ نمونە جەمال شارباژێڕی لە شیعری "پاکیزە"دا دەڵێت:

**"گەر بڵێم تۆم خۆش دەوێ**

**لەوانەیە ڕوت گرژ کەیت**

**ئەڵقەکەتم نیشان بدەیت**

**مانای خاوەنی خۆت هەیە!"** (جەمال، بەرگی ٢: ٧٥).

شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا دەقێکی شیعریی ڕازاوە و پڕ لە جوانیمان لە ڕێگەی ئاماژەی ڕوخسارەوە بۆ دروستدەکات، تەنیا بە تەماشاکردنی ڕوخساری یار کاریگەریی وەڵامەکە دەردەکەوێت کە بریتییە لە ڕوگرژکردن کە ئاماژەیە بۆ ڕازی نەبون یاخود پێناخۆشبون، کەئەمە بەشێکە لە جوانی دەقەکە، شاعیر تەنیا لە ڕێگەی پەیامی نازمانی و بەبێ بەکارهێنانی زمان وەڵامی دەستەکەوتوە.

شاعیر لە چیرۆکە شیعری بەناوی "تاوان" دەڵێت:

**ڕاستە هەیە لە ڕوخساردا، شێوە هەژار**

**بەڵام دەوڵەمەند ڕەوشتە**

**ڕەوشتی جوان مرۆڤ دەکات بە فریشتە**

**زستان دەگۆڕێت بە بەهار** (جەمال بەرگی یەک: ٤٣٦)

شاعیر هەر لەسەرەتاوە زۆر بەڕونی لەڕێگەی ئاماژەی ڕوخسارەوە بڕیار لەسەر کەسێک دەدات، کە چۆنە بۆیە ئەو بۆچونە تەنیا لەڕێگەی ڕوخسارەوە پێی گەیشتوە کە کەسێکی بەڕواڵەت هەژارە، کەواتە ڕوخسار دەکرێت هەڵگری پەیامی هەژاری بێت، شاعیر لە ڕێگەی هەردو دوالیزمەی (ڕوخسار و ڕەوشت)ەوە، وێنەیەکی جوانی کێشاوە و جیاوازیەک دەکات لە نێوانیاندا بەم شێوەیەی خوارەوە.

| | |
|---|---|
| ڕوخسار | ڕەوشت |
| هەژاری | دەوڵەمەندی |
| زستان | بەهار |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

ڕوکەشی مرۆڤەوە هەڵسوکەوت و ڕەفتارە

لەگەڵ ئەوەشدا بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە مەرج نییە یەکسەر بە ڕوخسار هەمو خوێندنەوەیەک بۆ بەرانبەر بکەیت و بەڵکو ڕەوشت کە پەیوەستە بەناخەوە مرۆڤ جوانتر دەکات.

شاعیری ترمان "ع. ح. ب" لە دەقی "دایکت"دا باس لە کاریگەریی ڕوخسار دەکات و لەم ڕێگەیەوە دەقێکی جوانی داهێناوە، کە دەڵێت:

**دایکی دڵ وەک بەردت دینی**

**پێی ڕشتیت ژیلەمۆی قینی**

**تۆ بەڕوی شەرم و سورەوە**

**خۆت نەگرت چویتە ژورەوە** (ع ح ب، ٤٤٩)

شاعیر لەڕوخساری بەرامبەردا پەیامێک دەخوێنێتەوە کە بریتییە لەشەرمکردن، هەڵبەتە پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان ڕو لەگەڵ ڕەنگەکانی ڕوخساردا هەیە، چونکە مرۆڤ کە شەرمیکرد ڕاستەوخۆ ڕەنگی سوردەبێتەوە، جوانی و چێژ لەم دەقەدا لەڕوی شەرمنی و سوردایە کە ئاماژەیە بۆ شەرمکردن و ترس و دڵەڕاوکێ، کەواتە ئەوەی سەرنجی شاعیر ڕاکێشاوە بۆئەوەی گوزارشتێکی جوانی دیمەنەکە بکات ڕوی بەرامبەرە، گەر وردبینەوە دو دژی بەیەکەوە کۆکردوەتەوە کە جوانی لێ بەرهەمهێناون ئەویش شەمکردن و چونە ژورەوەیە، واتە هەرچەندە شەرمیکردوە بەڵام هەستێکی بەهێزی ناخی هۆکاری بەیەکەوە بونی بوە نەک دابڕان و دورکەوتنەوە.

ڕوخسار وەکو گرنگترین ئەندامی جەستەی مرۆڤ هەمیشە جێگەی سەرنج بوە بۆ شاعیران، لەهەریەک لە دەقە شیعریەکانی سەرەوەدا هەڵگری هەریەک لە ئاماژەکانی (ڕازینەبون و شەرمنی و لەسەر خۆی و خۆشەویستی) بوە، لەبەرئەوە هەردو شاعیر زۆر بە گرنگییەوە لە بەشێک لەدەقە شیعریەکانیان لە ڕوخساریان ڕوانیوە، نەیانتوانیوە خۆیان لە کاریگەریی ئاماژەکانی ڕوخسار بەدوربگرن، ئەمەش وایکردوە کە لەو دەقانەدا ببێت بە بنەمایەکی گرنگی ئیستاتیکای شیعری لە لای هەردو شاعیر.

**ب. ئاماژەکانی چاو:**

گوزارشتکردن بە چاو یەکێکە لە گرنگترین شێوازەکانی پەیوەندیکردن بۆ گەیاندنی پەیام. چاوەکانی مرۆڤ وەک زمان گفتوگۆدەکەن. سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ پیدانی زانیاری و دەربڕینی شتە شاراوەکانی ناخ. هەڵگری کۆمەڵێک پەیامی جیاوازن، وەکو "خۆشەویستی، ڕق و کینە، شڵەژاوی، تورەیی، سەرسوڕمان، پێکەنین، خەواڵو، ترس، درۆکردن..." چاو هەمیشە لەگەڵ ئەندامەکانی تری وەکو "برۆ، دەم، پێڵو، ڕو، سەر، دەست"دا هەستە جۆراوجۆرەکان دەگوازێتەوە. هۆکارێکی گرنگە بۆ دەربڕینی ئەو ڕاستییانەی کە تاک بە دەربڕینە زمانییەکانی دەیانشارێتەوە، یان ناتوانێت بە زمان دەریببڕێت، یاخود نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگە بە دەربڕینی نادەن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

مرۆڤ زۆر بەزەحمەت دەتوانێت بەسەر ئاماژەکانی چاویدا زاڵبێت، چاوەکان ئاوێنەی دڵ و ناخن، چاوەکان ئاوێنەی ڕۆحن و ڕەنگدانەوەی بیر و هەستەکانی ناخی مرۆڤن. گوزارشتن لەو دۆخەی کە مرۆڤ تێیکەوتوە. ((هێز و نیگای ڕوانینەکان بەشێوەیەکی ئەرێنی و دڵگیر بناغەی پەیوەندییەکی سەرکەوتوە، هەستی ئارامی و متمانە بەخۆبون بە قسەکەر و گوێگر دەبەخشێت، بەرامبەر گەر فریودەر بێت لەو کاتەدا پەیوەندی چاوەکانیش هەستێکی نەرێنی لای بەرامبەر دروست دەکات.)) (ئەلیزا بیز کانک، ۲۰۲۱: ۱۰٦). چاو جیاوازە لە هەر ئەندامێکی تری جەستە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە مێشکەوە، ئەمە جگە لەوەی بەتەنیا گوزارشت لە گەیاندنی پەیام دەکات و بنەمایەکی گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنی زمانیشە، چونکە لە کاتی قسەکردندا بەرانبەر پێویستە تەماشای ڕوخسار و ئاماژەی چاوەکانی بکەین بۆ ئەوەی بەباشی لە پەیامەکە بگەین. توێژینەوەکان ئەوەشیان خستوەتەڕو کە ((۸۷٪ زانیاریەکان لەڕێگەی چاوەوە وەردەگیرێن و لە ۹٪ لە ڕێگەی گوێیەکان و لە ٤٪ لە ڕێگەی هەستەکانی دیکەوە وەردەگیرێن.)) (داستان سابیر، ۲۰۲۱: ۱۱۰).

چاوەکان هەڵگری پەیامی جۆراوجۆرن، هەمیشە سەرنجی ئەدیبانیان ڕاکێشاوە، چونکە ڕەنگدانەوەی هەریەک لە گوزارشتەکانی "چاوداگرتن، سەیرکردن بە نازەوە، چاوسورکردنەوە، چاوشۆڕکردن، چاوبەفرمێسک، چاوداخستن، چاومەست، چاوخومار، چاوشیرین، چاوپیس..." لە چاودا بەدیدەکرێت، کە بەدرێژایی مێژو هەوێنی دەقی شیعریی پڕ لە ئیستاتیکی بونە. هەمیشە ئەدیب لە ڕێگەی ئاماژەکانی چاوەوە هەستەکانی خۆی بۆ بەرانبەر دەربڕیوە، یان هەستە شاراوەکانی ناخی بەرانبەری درکپێکردوە.

جەمال شارباژێڕی لە دەقێک بۆ "پێشەوا" لەڕێگەی ئاماژەی چاوەوە وێنەیەکی پڕ لەتراژیدی کاتی لەسێدارەدانی قازی محمد دەخوڵقێنێت و دەڵێت:

**کۆرپەی ژیان**

**لەدایکی شیرین تۆراوە**

**چاوی گریان بەجارێ سور هەڵگەڕاوە**

**دڵۆپی خوێن تیا تێزاوە**

**قەتیس ماوە** (جەمال بەرگی یەک: ۱۱٤)

شاعیر لە ڕێگەی ئاماژەی چاوەوە گوزارشت دیمەنی پڕ لە تراژیدی لە سێدارەدانی قازی محمد دەکات و شاعیر تەنیا لە ڕێگەی چاوەوە گوزارشتی لەو دیمەنە پڕ لە ئێش و ئازارە کردوە لەبەرئەوە چاو ڕۆڵێکی گرنگ گێڕاوە، بەتایبەتی لە دیمەنی تراژیدیدا چاو بە چەند شێوازێکی جیاواز دەتوانێت گوزارشت بکات، کە شاعیر بە شێوازێکی پلەبەندی ڕیزیان دەکات، کە ئەمەش جوانی بەدەقەکە بەخشیوە و بەم شێوازەی خوارەوە

هەنگاوی یەکەم: چاوی گریان ⟵ سەرەتا چاو دەست بە گریان دەکات کە ئاماژەی خەم و خەفەتە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

هەنگاوی دوەم :چاوی سور هەڵگەڕاو ←دواتر سور هەڵدەگەڕێت کە ئاماژەیە بۆ گریانێکی زۆری پڕ لە کوڵ

هەنگاوی سێیەم: چاوی خوێن تیا تێزاو← چاوی خوێن تێزاو ئاماژەیە بە بەردەوامی خەمێک کە زۆر بە سوێیە

هەنگاوی چوارەم: چاوی قەتیس ماو ← لەکۆتایدا ئیتر چاو تواناى فرمێسک ڕشانی نامێنێت و یەک پارچە سور دەبێت خوێنەکە تێیدا قەتیس دەبێت، کە ئەم حالەتە ئاماژەیە بۆ ئەوپەڕی (خەمباری، بێ دەسەڵاتی، شەکەتی، ماندو بون).

کەواتە تا خەمەکە گەورەو گەورەتر بێت ئاماژەی چاویش دەگۆڕێت، کە خەمەکەش لە سێدارەدانی پێشەوایە، بۆیە هەوڵدەدات پڕاو پڕ گوزارشت لەو هەستە پڕ لە ئێش و ئازارە بکات.

شاعیر "ع. ح. ب"یش سەبارەت بە پەیامە جیاوازەکانی چاو لە دەقی "ئەڕۆین"دا دەڵێت:

**"هەناسەت ئەی سوتاندم**

**چاوت لێ ئەتروکاندم**

**پێت ئەوتم دیلی تۆم**

**جارێ تۆش بڕوانە بۆم."** (ع. ح. ب: ١٥).

چاوداگرتن پەیامی پڕ لە سۆز و عەشق و خۆشەویستییە. عاشقبونی یار تەنها لەم ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر شاعیر دروستکردوە، بەبێ دەربڕینی هیچ پەیامێکی زمانی، لەبەرئەوە شاعیر زۆر بەڕونی لە ڕێگەی ئاماژەی چاوتروکانی یارەوە ئەم هەستەی لە لا دروستبوە. لایەنێکی ئیستاتیکای دەقەکە لە چاوداگرتنی یاردایە و هۆکارێک بوە بۆ ئەوەی کە دڵی شاعیر زیاتر ڕابکێشێت و بتوانیت بەدەستیبهێنێت، بۆیە یار چاوەڕوانی وەڵامی شاعیرە بە ڕوانینی چاوەکانی، کە ئەمەش جێگەی ئاواتی یارە.

بەم جۆرە دەردەکەوێت چاوەکان هەمیشە گرنگترین ئاماژەی ڕوخسارن بۆ گەیاندنی پەیام، هەروەها ئاماژە جیاوازەکانی چاو لە هەمو ئەو گوتارانەی کە ئەندامەکانی تری ڕوخسار دەیگەیەنن، کاریگەرتر و دیارترن، لەبەرئەوە هەردو شاعیر زۆر بەگرنگییەوە ئاماژەکانی چاویان بەکارهێناوە و کردویانە بە بنەمای دەقی پڕ لە جوانی و ئیستاتیکی.

### پ. ئاماژەکانی برۆ:

یەکێک لە ئاماژە گرنگەکانی تری ڕوخسار بریتییە لە "برۆکان"، کە هەڵگری هەندێک پەیامی نازمانین و بەتەنیا یاخود لەگەڵ ئاخاوتندا کاریگەریی لەسەر پرۆسەی پەیوەندیکردن و گواستنەوەی پەیام هەیە. دەکرێت برۆ ئاماژەبێت بۆ هەریەک لە (خۆشەویستی، سڵاوکردن، ڕازیکردن، سەرسوڕمان، تورەیی، وردبونەوە... هتد). بەڵام مەرج نیە سەرجەم ئەم مەبەستانە لەناو دەقی شیعریدا بەدی بکرێت، بەڵکو شاعیر بەپێی مەبەست و وێنەی شیعریەکەی بۆمەبەستێکی دیاریکراو بەکاری دەهێنێت، هەر جوڵەیەکی جیاوازی برۆکان هەڵگری پەیامی نازمانیی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

جیاوازە، وەک دەوترێت: (( بەرزکرنەوەی یەک برۆ نیشانەی وردبونەوەیە، بەرزکردنەوەی برۆکان نیشانەی قایل بونە و نزمکردنەوەی برۆکان نیشانەی تورەییە.)) (گەیس و گرۆست، ٢٠٢٠: ٩٠)، بەڵام ئەم ئاماژانە بە پێی کلتورە جیاوازەکان دەگۆڕێن ماناو مەبەستی جیاواز دەبەخشن، دەکرێت بڵێین برۆهەڵتەکاندن ئاماژەی ڕازیبون و بەدەستهێنانی خۆشەویستیی بەرانبەرە، زۆر جار برۆکان لەگەڵ چاودا ڕۆڵیان گرنگتر دەبێت بۆ گەیاندنی مەبەستێک، ((برۆ جگە لەوەی بەتەنیا هەڵگری گوتاری تایبەت بەخۆیەتی هەندێک جار لەگەڵ چاوەکاندا گوتارێکی بەهێزتر دەبەخشن، لەبەرئەوەی برۆ و چاوەکان بەیەکەوە تەواوکەری مەبەست و مانایەکی تایبەتن.)) (ئەحمەد جمال الدین، ٢٠١٥: ٥٠)، کە بەهۆی نزیکیی هەردو ئەندامەوە لە یەکتری وایکردوە چەندین گوزارشتی تایبەت بگەیەنێت و پەیوەندیی ئەرێنی لە نێوان مرۆڤەکاندا دروستبکات، ((بەرزکرنەوەی برۆکان تەنیا بۆماوەیەکی کەم دەبێتە هۆکارێک زیاتر ڕوخۆش و خۆشەویست دەربکەویت.)) (برایان کاگنی، ٢٠٢٠: ٧٦)، لەبەرئەوە ئاماژەکانی برۆ هۆکاری گوزارشتکردنی ئەدیبە، چ بۆ خۆی یاخود بەرانبەر.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی "وێنەی چەند هەڵس و کەوتێک"دا دەڵێت:

**"برژانگ و ئەبرۆ هەڵبڕین**<br>
**بە تێرامان و سەرنج و گلەیی**<br>
**وتو ویژی ڕو بە ڕودا**<br>
**چوارخەتی مەیلە و پەمەیی**<br>
**لەنێو پەڕەی نێوچەواندا**<br>
**ڕادەکێشێت**<br>
**وەک بیەوێت بە پێنوسی**<br>
**تاڵە موە باریکەکانی پەرچەمی**<br>
**وشەکانی هاودەمەکەی تێدا بنوسێت."** (جەمال بەرگی ٢: ٤٧٣)

شاعیر لێرەدا باسی ئەو جوانییانە دەکات کە لەرێگەی ئەندامەکانی ڕوخسارەوە بەرجەستە دەبن، چونکە برۆ پەیوەندی لەگەڵ چاو و برژانگ و ناوچەواندا هەیە بە هۆی نزیکیان بەیەکەوە لەبەرئەوە گونجانیکی جوانی لە نێوانیاندا دروست کردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاڵی سەرەکی جەختکردنەوەیە لەسەر برۆهەڵتەکاندن، بنەمای ئیستاتیکی لەم دەقەدا لەرێگەی ئاماژەی برۆهەڵبڕینەوەیە لەگەڵ (خەتی ناوچەوان، تاڵەموی پەرچەم). شاعیر وێنەیەکی جوانی پڕ هونەریی لە ڕێگەی لێکچواندنی "ناوچەوان بە تەختەی نوسین" و "لۆچی ناوچەوان بە کێشانی خەت" و "تاڵی موی پەرچەمی بە پێنوس" پێکهێناوە، بۆ ئەوەیە پەیامی برۆهەڵبڕینی یار کە مەبەستە لە گلەیی و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

گازندەکردن، بگەیەنن بە شاعیر. بەم جۆرە شاعیر زۆر بەجوانی چنینی لە نێوان ئاماژە جەستەییەکاندا کردوە و وێنەیەکی پڕ لە چێژ و جوانی بەرهەمهێناوە.

شاعیر لە دەقی "لات و دڵداری"دا دەڵێت:

**نەدەی ئازاری گیان و دڵ لەدنیا هەتا ماوی**

**نەکەی خۆت خەیتە بەر تیری دو ئەبرۆ تا نەکوژراوی**

**ژیانت قەت نەشێوێنی بۆ زوڵف و تیشکی دو چاوی**

**لەدەریای قوڵی دڵداری وەرە دەر تا نەخنکاوی** (جەمال بەرگی یەک: ٤٣)

شاعیر لەم دەقدا سەرەتا بە وەسفکردنی برۆ دەست پێدەکات، بەڵام پێویستە ئەوە ڕون بکەینەوە کە ئاماژەیەکی گرنگ لە پشت برۆوە هەیە، کە هەر ئەو ئاماژەیەش هۆکاری ڕەوینەوەی شاعیرە لە خۆشەویستی و دڵداری، کەواتە تیری دو ئەبرۆ لەم دەقەدا ئاماژەیە بۆ پەشیمانبونەوە لە خۆشەویستییەک کە لە ڕێگەی ئاماژەی برۆکانەوە توشی بوە، چواندنی برۆ بە تیر ئاماژەیە بۆ خەم و خەفەت و ئازارێک کە ناخی تەنیوە، ڕەنگە ئەو ئاماژەییەی لە برۆکاندایە هەموکات هەڵگری ڕاستی نەبن و دواتر پەشیمانی بەدواوە بێت، کەواتە گونجان لە نێوان ئاماژەی برۆکان و ئاماژەی تیشکی دوچاو وێنەیەکی بەرجەستەکردوە کە جوانیەکی زیاتری بەدەقەکە بەخشیوە.

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە ئاماژەکانی برۆ لە دەقی شیعریی جەمال شارباژێڕیدا زۆر بەرونی هەستی پێ دەکرێت و بەهایەکی ئیستاتیکیی بە دەقە شیعرییەکانی بەخشیوە کە زۆر جێگەی گرنگی و بایەخی بوە. بەهۆی جۆراوجۆریی ئەو پەیامانەی کە دەتوانێت بیگەیەنێت، لەبەرئەوە بەشێکی گرنگی بەرهەمهێنانی وێنەی شیعریی پڕ لە جوانی و چێژن.

## ت. ئاماژەکانی ڕومەت-گۆنا:

ڕومەتەکان لایەنێکی تری ئاماژەکانی ڕوخساری مرۆڤ پێکدەهێنن، کە بۆ ڕەگەزی مێ زیاتر وشەکانی "گۆنا و کوڵم"ی بۆ بەکاردێت. ڕومەت شوێنێکی گرنگ و هەستیاری ڕوخسارە، شوێنی ماچکردن و بەرکەوتن و ڕەگەزێکی سەرەکیی دەرختستی جوانیی ئافرەتە. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵگری هەندێک ئاماژەی نازمانییە، چونکە ئەو بارودۆخە جیاوازانەی بەسەر مرۆڤدا دێت، زۆر جار ڕەنگدانەوەی بەسەر ڕومەتەکانەوە دەردەکەوێت. ڕومەتەکان وەکو نەخشەیەک وان بۆ پەیبردنێکی قوڵتر بە بەرانبەر، هەروەها ئەم نەخشەیە دەتوانێت زانیاریی زیاتر لەسەر خوێندنەوەی ڕوخساری مرۆڤەکان بخاتەڕو.

سەبارەت بە ئاماژەکانی ڕومەت تێڕوانینی زۆرێک لە شارەزایانی بواری ڕوخسارناسی بریتییە لەوەی کە پەیبردن و خوێندنەوەی ڕومەتەکان بە زانست ناودەبەن و دەڵێن: ((ڕومەتناسی بریتییە لەو زانستەی کە هەر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

مرۆڤێک بە بەکارهێنانی چەند پێوەرێک بۆ دەستنیشانکردنی شێواز و جۆری ڕومەت و ئەو هێما دیارانەی کە لەسەر ڕومەتی کەسەکاندا هەیە، دەتوانێ دید و بۆچونێکی ڕونی هەبێت سەبارەت بەو کەسانەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات.)) (ئومێد محمد،٢٠٢١: ٧). ئەو ئاماژانەی لەسەر ڕومەتەکان دەردەکەون، گوزارشتی ڕاستەقینەن لە ناخی کەسەکان و دەرهاویشتەی هەست و سۆز و هەڵچونەکانی دەرونن. ئەزمون و لێکۆڵینەوەی "ئەرستۆ" سەبارەت بە ڕومەتناسی جێگەی تێڕامانی شارەزایانی دوای خۆی بوە، سەبارەت بە ئاماژەکانی ڕومەت ئەرستۆ بڕوای وایە ((لەنێوان ڕومەت و ڕوحدا پەیوەندیەکی قوڵ هەیە دەکرێت لەڕێگەی هێماکانی ڕومەتەوە پەی بە کەسایەتی ڕاستەقینەی مرۆڤ ببەیت.)) (ئومێد محمد،٢٠٢١: ٩)، لەبەر ئەو پەیوەندییە بەهێزەی هەیە، بەڕونی هەڵچونەکانی وەکو "ترس، خۆشی، توڕەبون، قەلەقی، متمانە، شەرم.... هتد" لەسەر ڕومەتەکان دەردەکەون.

جەمال شارباژێڕی لەدەقی (یادگارێک) لە ڕێگەی ئاماژەی گۆناوە دەگات بە خۆشبەختییەک کە پڕە لە ئومێد و گەشبینی و دەڵێت:

**هەتا تۆم لەگەڵدا بو**

**شادیم لەناو دڵدا بو**

**تریفەی سپی گۆنات**

**پرشنگی روناکیم بو** (جەمال بەرگی یەک: ٣٢٠)

وەسفکردنی گۆنای یار لایەن شاعیرەوە نیشانەیە بۆ کاریگەری ئاماژەکانی ڕوخسار لەسەری، شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا لە ڕێگەی ئاماژەی نازمانی گۆناوە ئەوەمان پێدەڵێت کە گۆنا یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی دەرخستنی جوانی ئافرەت و جوانییەکی سیحراوی هەیە و هەمیشە جێگەی سەرنجی پیاوانە، بۆیە تریفەی سپی گۆنا ئاماژەیەکە لە عیشق و خۆشەویستییەوە سەرچاوەی گرتوە، ڕاستەخۆ بەکارهێنانی سپێتی گۆنای یار لەم دەقەدا وەکو ڕوناکییەک ئاماژەیەکە بۆ خۆشەویستییەک کە پڕە لە گەشبینی و گەشاوەی و جوانی ، شاعیر تەنیا بەبینینی گۆنای یارەکەی گەیشتوە بەو هەستە خۆشەی کە پڕ لە چێژە، کەواتە ئاماژەی گۆنا بنەمایەکی گرنگی ئیستاتیکی ئەم دەقەیە. بەبێ ئەوەی یار بەزمان هیچ بدرکێنێت، کە ئەمەش بۆخۆی بنەمایەکی گرنگی کورتبڕییە.

هەروەها شاعیر لەدەقێکی تری بەناوی (چەند هەناسەیەک) دەڵێت:

**دەبو ڕەنگی سوربونەوەی کوڵمی گەشت**

**جێگەی لێوی ماچ و هەڵمژینی من بێت** (جەمال بەرگی یەک: ٤٠١)

ڕەنگی سوربونەی کوڵم لەم دەقەدا ئاماژەیە بۆ شەرمکردنی یار ، شاعیر بە شێوازێکی زۆر جوان لەڕێگەی ئەم ئاماژەیەوە دەیەوێت گلەیی و گازندەی خۆی لە خۆشەویستەکەی بکات، بە بینینی ئەو دیمەنەی کە یار بەهۆی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

ئەوەی زۆر شەرم دەکات کوڵمەکانی سور هەڵگەڕاون و ئاواتی دەخواست ئەو سوربونەوەیە بە هۆی ماچکردنی لێوی ئەمەوە بوایە نەک شەرم و دورییەوە، لەم وێنەیدا زیاتر ڕون دەبێتەوە.

| یار | شاعیر |
| --- | --- |
| ↓ | ↓ |
| شەرمکردن | ماچکردن و هەڵمژین |
| ↓ | ↓ |
| سوربونەوەی کوڵم | سوربونەوە ی کوڵم |
| ↓ | ↓ |
| بەهۆی دورییەوە | بەهۆی بەیەکگەیشتنەوە |

هەروەها شاعیر "ع. ح. ب" لە دەقی "پەندی هەتیو"دا سەبارەت بە ئاماژەی ڕومەت وێنەیەکی پڕ لە تراژیدیمان بۆ بەرجەستەدەکات، ئەو دیمەنە وای لە شاعیر کردوە بە هەستێکی پڕ لە خەمەوە گوزارشتی لێ بکات و دەڵێت:

**"فرمێسک، فرمێسک، فرمێسکی زیو**

**فرمێسکی سزا هەڵچنیو**

**لە دەریای گێژی چاو وەریو**

**ئەرژێتە ناخی قوڵتر لە شیو**

**لە دەشتی گۆنای تێک تەپیو**

**لەگەڵ هەر فرمێسکێک ئاهێ**

**تکایە بۆ بەخشین لە گوناهێ."** (ع. ح. ب: ٧٢).

شاعیر لەم شیعرەدا دەیەوێت ئەوەمان پیبلێت کاتێک منداڵێک بێنازی دایکوباوک دەبێت، چەند بە خەم و ئازارەوە ژیان بەڕێدەکات، تەنیا لە ڕێگەی ئاماژەکانی ڕوخسارەوە ئێش و ئازار بەرجەستەدەکات و خەمی گەورەی ناخی بێباوک دەخاتەڕو. بنەمای ئیستاتیکی ئەم دەقە بریتییە لە هەریەک لە ئاماژەکانی "فرمێسک، چاو، گۆنا"، کە زۆر جوان بەیەکەوە گرێیداون و دەقەکەیان کاریگەرترکردوە. ئەو کاتەی چاو بەکوڵ دەگری، فرمێسکەکان دەبن بە ئاماژەی ناخۆشی و ئازار و کە دەرژێنە سەر ڕوی گۆنا، کاریگەریی بەهێزتردەبێت، بەڵام ئەوەی ئەم دەقەی جوانتر کردوە، ئاماژەی گۆنایە کە چوێنراوە بە دەشت، گۆنای تێک تەپیو ئاماژەیە بۆ برسێتی و هەژاری و بێکەسی.

بەم جۆرە دەردەکەوێت ڕومەتەکان بەشێکی گرنگ لە جوانیی ڕوخساری مرۆڤ پێکدەهێنن، هەروەها بەشێکی گرنگن لە گەیاندنی زانیارییە نهێنییەکانی مرۆڤ. دەرخەری جوانی و ڕازاوەیی مرۆڤ بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتین. ئەمەش هۆکارێک بوە کە جێگەی سەرنج و بایەخی هەردو شاعیر بێت، چونکە بەردەوام ئەدیب بە دوای جوانیدا دەگەڕێت بۆ دەرخستنی جوانیی زیاتر و گەیاندنی چێژی زیاتر بە خوێنەر، ئەمەش هۆکارێک بوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

بۆ ئەوەی مەبەستی بەرانبەر زیاتر ڕونبکاتەوە، لەبەرئەوە هەردو شاعیر نەیانتوانیوە دەستبەرداری ئەو پەیامانە بن کە لە سیمای بەرانبەردا دەردەکەوێت.

### ج. ئاماژەکانی لێو (دەم):

لێوەکان توانای گەیاندنی زۆر پەیامی جیاوازیان هەیە، لە هەندێک بارودۆخدا بەتەنیا توانای گەیاندنی پەیامیان هەیە و زۆر جاریش لەگەڵ ئەندامەکانی تردا ڕۆڵ و گرنگیی زیاتر دەبێت. لێوەکان لە ڕێگەی چەند شێوازێکی جیاوازی وەکو "لێوگەستن، لێوخڕکردنەوە، لەرینەوەی لێو، لێوسورکردن..." دەتوانێت هەریەک لە مەبەستەکانی "خۆشەویستی، پەشیمانی، بێدەنگی، نائارامی، ترس، ماچکردن، ڕازیکردن... هتد" بگەیەنێت. هەروەک دەوترێت ((گەستنی لێوەکان نیشانەی نائارامی و خاڵی بونەوەی پەستانە لەکەسێکدا. یان بۆ مەبەستی ڕۆمانسی و سەرنج ڕاکێشانی بەرامبەرە بەتایبەتی لەخانماندا.)) (ئەلیزابێز کانک، ٢٠٢١: ٨٩)، گوزارشتێکی تری گەستنی لێوەکان بریتییە لە گەیاندنی پەیامی بێدەنگبونی بەرانبەر بۆ ئەوەی قسە نەکات. ((گرنگترین بەشداریکردنی لێو لەگەڵ ئاماژە جەستەییەکاندا پێکەنینە کە چەند جۆرێکی هەیە کە لە بزەوە تا دەگاتە قاقاو پێکەنین بەدەنگی بەرز، کە مەرج نیە تەنیا بۆمەبەستی دەربڕینی خۆشی بێت بەڵکو هەندێک کات بۆ سوکایەتی و گاڵتە پێکردنە.)) (تاڤگە عومەر، ٢٠٢٠: ٥٧٥)، ئەوە ڕونە کە هۆکاری دەربڕینی پێکەنین لێوەکانە، لەبەرئەوە پەیوەندیی لێوەکان بە ئەندامەکانی تری جەستەوە بەهێزە، دۆخی برۆکان و ڕوانینی چاوەکان و کۆی ڕوخسار هۆکارێکی زۆر باشن بۆ تێگەیشتن لە پەیامی لێوەکان.

جەمال شارباژێڕی لە دەقێک بە ناوی "پێشەوا" لەدوای ئەوەی بە چەند وێنەکی جیاوازی پڕ لە تراژیدی بارودۆخی کاتی لە سێدارەدانی قازی محمد دەخاتە ڕو، لە کۆپلەیەکدا زۆر بەڕونی لە ڕێگەی ئاماژەی لێوەوە وێنەی ئەو دیمەنە پڕ لە تراژیدیە دەنەخشێنێت و دەڵێت:

**ئەموستی خەم**

**ژێر چەناگەی بیر دراوە**

**لێوی ماتەم**

**بەدانی قین کرۆژراوە**

**بزەی سەردەم**

**کە مەلێک بو... دڵ پڕ ئاهەنگ**

**بەهەناسەی داخ تاساوە** (جەمال بەرگی یەک: ١١٤-١١٥)

گواستنەوەی ئەم دیمەنە پڕ لە تراژیدیە تەنیا لە ڕێگەی لێوی ماتەم و لێو گەستنەوە بۆخۆی گرنگی و کاریگەری ئاماژەکانی ڕوخسارمان بۆ دەردەخات، شاعیر بەمە گوزارشت لە دیمەنی پڕ لە ئازاری ساتی لە سێدارەدانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

قازی محمد دەكات، ئەو دیمەنە سەرنجی شاعیری ڕاكێشاوە ئاماژەی لێو گەستن بوە لە ڕێگەی دانەكانەوە، كە ئەم دیمەنە هەڵگری پەیامێكی پڕ لە ڕقە لە دوژمن و دوركەوتنەوەی بزەو زەردەخەنەی لێوەكانە هۆكارێكە بۆ دڵتەنگ بون بۆ میلەت و خەم خواردنێكە كە نەگەیشت بە هیواو ئاواتەكەی كە سەربەخۆی كوردستان بوە. بۆیە سەرجەم ئەم خەمە گەورەیەی ناخی شاعیر تەنیا لە ڕێگەی ئەم ئاماژەیەوە بە شێوازێكی جوان گوزارشتی لێكردوە.

"ع. ح. ب" لە دەقی "پیری ئاخیر شەڕ"دا دەڵێت:

**"چۆن ئەبێ لێو**

**لێی هەستێ بزە كەم یا زۆر**

**وەیا ڕومەتی شەكرە سێو**

**پرشنگ بدات وەكو تیشكی خۆر**

**نا ئەبێ گشت كەڕو لاڵ بن**

**چڵكی سایەقەی ساماڵ بن."** (ع. ح. ب: ٢١٣).

شاعیر لەم دەقەدا ئەو ڕوندەكاتەوە كە پیرێك لە ماڵەوە چۆن خۆی لە خۆشییەكانی ژیان بوەتەوە، دەیەوێت ئەوانی تریش هەر وەک خۆی بن و بەردەوام بە دڵی ئەم هەڵسوكەت بكەن. لەبەرئەوە شاعیر لە ڕێگەی ئاماژەكانی "لێو و ڕومەت"ەوە وێنەكەمان بۆ دەڕازێنێتەوە، چونكە دڵخۆشی و جوانی زۆر بەئاسانی لەسەر ڕوخسار دەردەكەون، جوانیی هەردو ئاماژەی لێو و ڕومەتەكان وایانكردوە جوانی بەرجەستە بكەن، چونكە هەڵگری پەیامی دڵخۆشی و گەشاوەیی مرۆڤن.

شاعیر لە دەقی "پەندی هەتیو"دا وێنەیەكی پڕ لە تراژیدیی ژیان و گوزەرانی هەژارمان بۆ دەنەخشێنێت و دەڵێت:

**"مرۆڤ، مرۆڤ، مرۆڤی تێر**

**پۆشتەی زلی بێ خێرو بێر**

**بۆ ڕابواردن و خۆشی فێر**

**لەحاستی برسی كەڕو كوێر**

**تێیان ئەگرن توانجی خێر**

**لێویان لێ هەڵ ئەقورچێنن**

**تف لە ڕومان ئەبارێنن**

**ئەڵێن شتی ئاوا پۆخڵ**



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

**بۆ زو نەچێتە ژێر گڵ."** (ع. ح. ب: ٧٣).

شاعیر لەم دەقەدا زۆر بەجوانی ئاماژەی لێوهەڵقورچاندنی بەکارهێناوە، کە ئاماژەیە بۆ بەکەمتەماشاکردن، لەگەڵ ئاماژەی تفتێگرتن، کە ئەوپەڕی سوکایەتیپێکردنە بە بەرانبەر، لێرەدا کاریگەریی ئاماژەی جەستەیی زۆر بەهێزترە لە زمان. جوانیی دەق لە ڕێگەی هەردو ئاماژەی جەستەیی "لێوهەڵقورچاندن و تفتێگرتن"ەوە کە بەیەکەوە هەڵگری پەیامی پڕ لە سوکایەتی و بێڕێزیکردنە. ئاماژەی لێو هەڵقورچاندن دیمەنێکی پڕ لە تراژیدیای بەرجەستەکردوە.

ڕەنگدانەوەی ئاماژەکانی لێو لە دەقی شیعریی هەردو شاعیردا زۆر بەڕونی هەستی پێ دەکرێت، دیمەنی گوزارشتکردنی لێوەکان نەیانتوانیوە لە ژێر تیشکی سەرنجیان دەربازبین و کردویانن بە بنەمای داڕشتنی دەقی جوان، دنیابینییان زۆر جار لەوەدا دەرکەوتوە کە توانیویانە ئاماژەکانی لێو بکەن بە هەوێنی وێنەی شیعریی پڕ لە جوانی و لەو ڕێگەیەوە چێژی زیاتر بە خوێنەر بگەیەنن.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- چێژ و جوانی هۆکارێکی گرنگی ڕەنگدانەوەی ئاماژەکانی ڕوخسارە لەدەقی شیعری هەردو شاعیر، دەرخستنی ئەم جوانیش لای هەردو شاعیر بە ئاوێتەکردن و تیکەڵکردنیانە لەگەڵ هەستەکانیان و یاخود هارمۆنیەت و گونجانی نێوان ئاماژەکانی ڕوخسار و مەبەستی ناخی بەرامبەر کاتێک سەرنجی ڕاکێشاون یاخود جوانییەکی ڕوخسار بوە کە سەرنجی شاعیری ڕاکێشاوە و چێژی پێبەخشیوە. بۆیە ئەم کاریگەریە زۆرجار لەوەدا ڕونتر دەبێتەوە هەردو شاعیر ویستویانە گوزارشت لە بەرامبەر بکەن ئاماژەکانی ڕوخساریان بەکارهێناوە، کە ئەمە بۆخۆی مەبەستی گرنگی و چێژ و جوانییە، کە مەبەستی سەرەکی شیعریشە.

٢- هەردو شاعیر زۆر بە گرنگیەوە تەماشای ئاماژەکانی ڕوخساریان کردوە، لەبەشێک لە دەقەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتوین کاریگەرییەکە لەسەر شاعیر (جەمال شارباژێڕی) زیاتر دیارە بەهۆی ئەوەی دونیا بینی شاعیر بەهێزترە و بەرهەمی زۆرترە.

٣. لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی نازمانیدا ڕوخسار ئەندامێکی گرنگی جەستەی مرۆڤە، چونکە هەریەک لە ئەندامانی (ڕو، چاو، برۆ، لێو، ڕومەت). لەخۆدەگرێت سەرچاوەی زۆرێک لە ئاماژە نازمانییەکانە هەرئەمەش هۆکارێک بوە، کە هەردو شاعیر زۆر بە گرنگی تەماشایانکردوە، نەیانتوانیوە خۆیان لە کاریگەریی ئاماژەکانی ڕوخسار



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

بەدوربگرن، بوە بە بنەمایەکی گرنگی جوانیی دەقی شیعری لە لای هەردو شاعیر، کە بەچەند ئاماژەیەکی جیاواز لەدەقی شیعری هەردو شاعیردا دەرکەوتوە.

٤. ئاماژە جیاوازەکانی چاو لە هەمو ئەو گوتارانەی کە ئەندامەکانی تری ڕوخسار دەیگەیەنن، کاریگەرتر و دیارترن، لەبەرئەوە هەردو شاعیر زۆر بەگرنگییەوە ئاماژەکانی چاویان بەکارهێناوە و کردویانە بە بنەمای دەقی پڕ لە ئیستاتیکی.

٥. ئاماژەکانی برۆ لە دەقی شیعری جەمال شارباژێڕی زۆر بەڕونی هەستی پێدەکرێت، بەشێکی گرنگی بەرهەمهێنانی وێنەی شیعری پڕ لە جوانی و چێژە و بەهایەکی ئیستاتیکی بە دەقە شیعرییەکانی بەخشیوە. بەهۆی جۆراوجۆری ئەو پەیامانەی کە دەتوانێت بیگەیەنێت، بەڵام "ع. ح. ب" هیچ دەقێکی نییە کە ئاماژەی برۆی تێدا بەکارهێنابێت.

٦.ڕومەت وەکو ڕەگەزێکی گرنگ لە ڕوخسار دەرخەری جوانی و ڕازاوەیی مرۆڤە بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتی، هەمیشە جێگەی سەرنجی شاعیران بوە و لەدەقی شیعری هەردو شاعیردا ڕومەتەکان گوزارشت بون بۆ هەریەک لە (خۆشەویستی و عیشق، شەرمنی، تاسەی دوری و دەسبازی، برسێتی و هەژاری). لەگەڵ ئەوشدا بون بە بەشێکی گرنگ لە وێنەی شیعری.

٧.بەهای ئیستاتیکی ئاماژەی لێو لەوەدایە کە لێو لە دەقی شیعریی هەردو شاعیردا بەچەند ئاماژەی جیاواز هاتون وەکو ( چێژو خۆشی، دڵتەنگ بون، دڵخۆشی و گەشاوەیی، ڕازیکردن) هەریەکیک لەم ئاماژانە بونە بە هەوێنی وێنەیەکی شیعریی پڕ لە جوانی لای هەردو شاعیر.

٨. لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا بەشێوەیەکی ڕون و ورد ڕەنگدانەوەی سەرجەم ئاماژەکانی ڕوخسار لەدەقی شیعری هەردو شاعیر (جەمال شارباژێڕی و ع ح ب)دا خراوەتە ڕو. کە بۆمان دەرکەوت ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکە لەسەر شاعیر (جەمال شارباژێڕی) زیاترە و بوە بە بنەمایەکی گرنگی جوانی و چێژ لەدەقەکانیدا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

| | ئاماژەکان | جەمال شارباژێڕی | ع ح ب |
|---|---|---|---|
| **ئاماژەکانی ڕوخسار** | **١- ڕو** | (١٩) جار باسکراوە<br>**بەرگی یەکەم لاپەڕە** (٣٦، ٥٧، ٨٦، ١٣٩، ١٤١،٢٠٣، ٢٣٠،٢٨٤، ٣٥، ٤٣٦، ٤٤٣)<br>**بەرگی دووەم لاپەڕە** (١٦، ٧٥، ١٨٤، ٣٠٨، ٣٦٣، ٤٢٠، ٤٨٢، ٥١٤) | (٦) جار باسکراوە<br>لاپەڕە (٢٦، ٣٢، ٩٧، ٢١٢، ٤٤٩، ٦٢٢ ) |
| | **٢- چاو** | (٣٥) جار باسکراوە<br>**بەرگی یەکەم لاپەڕە** (١١، ١٤، ١٦، ٢٧، ٣٣، ٣٦، ٣٨، ٤٣، ٥٧، ٨٦، ١١٤، ١١٩، ١٣٩، ١٤٢، ١٤٢، ١٥٥، ١٥، ١٥٧، ١٦٢، ١٦٦، ١٩٤)<br>**بەرگی دووەم لاپەڕە** (١٩، ٣٢، ٣٣، ٧٥، ١٢٧، ١٥٦، ١٧٠، ١٧١، ٢٦٢، ٢٩٨، ٣٢، ٣٢٣، ٣٦١، ٣٧٦) | (١٢) جار باسکراوە<br>لاپەڕە (١٢، ١٥، ٢٤، ٣١، ٣٨، ٨٥، ٢١٢، ٢٤٦، ٣٤١، ٦٠٦، ٦٠٦، ٦٣٩) |
| | **٣- برۆ** | (٣) جار باسکراوە<br>**بەرگی یەکەم لاپەڕە** (٤٣)<br>**بەرگی دووەم لاپەڕە**<br>(٤٦٠، ٤٧٣) | هیچ دەقێکی نیە باسی ئاماژەی برۆی کردبێت |
| | **٤- ڕومەت ( گۆنا)** | (١١) جار باسکراوە<br>**بەرگی یەکەم لاپەڕە** (٣٥، ٥٧، ١٢١، ١٣٩، ١٤٢، ١٥٥، ١٥٦، ٣٢٠، ٣٢٨)<br>**بەرگی دووەم لاپەڕە**<br>(١٠٥، ٤٣٦) | (٣) جار باسکراوە<br>لاپەڕە (٣١، ٧٢، ٢١٣) |
| | **٥- لێو (دەم)** | (٢٠) جار باسکراوە<br>**بەرگی یەکەم لاپەڕە** (٤١، ٥٥، ٥٧، ١٠٦، ١١٤، ١٥٦، ١٦٢،١٦٥، ١٦٩، ١٧٠، ١٧١، ٢٣٢، ٤٠٥)<br>**بەرگی دووەم لاپەڕە**<br>(١٢٢، ١٩٢، ٣٧٦، ٣٩٧، ٤١١، ٤٣٩، ٥١٤) | (٥) جار باسکراوە<br>لاپەڕە (٣١، ٧٣، ١١٠، ٣٦٠، ٢١٣) |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

# Aesthetic of Facial Allusions in the Poetries of (Jamal Sharbazhery and E H B)

**Aso Omer Mustafa[1] - Zrar Sardar Muhammad[2]**

[1+2]Kurdish Language Department, College of Education, University of Charmo, Chamchamal, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

Aesthetic of Facial Allusions in the Poetries of (Jamal Sharbazhery and E H B) (

The process of communication and transferring knowledge via language allusion cannot be successful alone rather it needs non-linguistic reference to develop the communication. This significant role is the same in literature field as well. One of the non-linguistic reference is facial expression, so interpreting and analyzing any gesture and facial expression have its meaning and message. Though, it has a great role in literature particularly in poetical texts. Embodiment of facial gestures in poetry will contribute the shortness, purifying and aesthetic of the poetry which is the historical characteristics of poetry. Both poets ( Jamal Sharbazhery and E H B) embioment the facial expressions in their poetries successfully, so they were significant basics of aesthetics of the poetries. In most cases the gestures and facial expressions more attracts both poets and they were under the influence of gestures and facial expressions.

**Key words**: Aesthetic, Appricate, Connection, Kant's Aesthetic Theory, Beauty, Facial Expression,



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21**

## سەرچاوەکان:


ئاسۆ عومەر مستەفا (٢٠٠٩) **بەها ئیستاتیکیەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران**، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

ئومێد محمد (٢٠٢١) **نهێنیی ڕومەتەکان**، چاپی دوەم، چاپخانەی جەنگەڵ، تاران.

ئەحمەد جمال الدین الكاشف. (٢٠١٥) **خوێندنەوەی ڕوخساری مرۆڤ**، وەرگێڕانی هەورامان عەلی، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

ئەلیزا بێز کانک (٢٠٢١) **زمانی جەستە**، وەرگێڕانی شەپۆل مامەش، چاپی سێیەم، ناوەندی وارڤان، سلێمانی.

برایان کانگی (٢٠٢٠) **چۆن خەڵکی دەخوێنیتەوە**، وەرگێڕانی شاباز حامید قادر، ناوەندی سایە، سلێمانی.

جەبار ئەحمەد حسێن (٢٠٠٨) **ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠-١٩٧٠)**، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

جەمال شاربازێڕی (٢٠١٣) **کۆشیعری جەمال شاربازێڕی**، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

جەمال شاربازێڕی (٢٠١٣) **کۆشیعری جەمال شاربازێڕی**، بەرگی دوەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

شیلان عوسمان عبدولرحمان (٢٠٠٩)_**کارابونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا**، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

فەرهاد پیرباڵ (٢٠٠١) **ڕێبازە ئەدەبییەکان**، دەزگای چاپ و بڵاوبونەوەی ئاراس، هەولێر.

کەمال میراودەلی(٢٠٠٥) **فەلسەفەی جوانی و هونەری ئیستاتیکا**، چاپی دوەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی.

گەیس و گرۆست (٢٠٢٠) **زمانی جەستە**، وەرگێڕانی هێمن ئەحمەد، چاپی دوەم، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی.

محمد حسێن بەرزنجی (٢٠١٣) **دیوانی شیعری ع.ح.ب**، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

محمد مەعروف فتاح (٢٠١١) **زمانەوانی**، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر.

محمد مەحوی (٢٠٠٩) **زانستی هێما، هێما، واتاو واتا لێکدانەوە**، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

ئاسۆ عومەر مستەفا (٢٠١٩) **ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خوارو ١٩٢٠-١٩٧٠)**، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

داستان سابیر مامە (٢٠٢١) **ڕۆڵی هێما نازمانییەکان لە ئاخاوتنی کوردیدا**، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

لوقمان ڕەئوف عەلی (٢٠١٣) **دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی سیمۆلۆژیاوە**، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

هێمن عەبدول حەمید شەمس (٢٠٠٦) **شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا**، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی کۆیە.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21

سالح أبو أسبح (١٩٩٩) **الأتصال و لاعلام في الجتمعات المعاصرة**، دار ارام للدراسات والنشر، عمان..

فائق مصطفى و عبد عبدالرضا على(١٩٨٩) **في النقد الادبي**، دار الكتب للطباعه و والنشر، موصل.

محمد سعدحسان و خلوبدرغيث و معتصم عزمى الكرابلية (٢٠٠٥) **مقدمة فى علم الجمال**، ط١، مكتبة المجتمع العربى للنشر، عمان.

محمد الصيرفي (٢٠٠٦) **التصالات ألادارية**، مؤسسة حورس الدولوية، الأسكندرية.

على عبدالرزاق حمود (١٩٩١) **النقد اللأدبي الحديث**, دار الحكمة للطباعة و النشر, بغداد.

تاڤگە عمر سالح (٢٠٢٠) **ئاماژە جەستەییەکان لە شیعری نالیدا**، گۆڤاری زانکۆی کەرکوک. ژ١٥.

تەها ئەحمەد ڕەسوڵ (٢٠١٢) **ئیستاتیکاو فەلسەفەی هونەر**، گۆڤاری ڕامان، ژ ١٧٩.

زەیتو شێخانی (٢٠٠٧) **زمانی جەستە و ڕۆڵی لە ژیانی ڕۆژانەماندا**، گۆڤاری ڕامان، ژ ١١٩.

سازان ڕەزا موعین (٢٠٢١) **جۆرەکانی ڕستە لە زمانی ئاماژەدا**، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ ٣.

سالار کریم حسێن (٢٠٢١) **سیمۆلۆژیای فۆتۆ لە چیرۆکی کوردیدا -چوارەمین ئەلبومی تەنیای (سیامەند هادی) بە نمونە-** گۆڤاری ڕامان، ژ ٢٨٧-٢٨٨.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper21**